# زمانی کوردی

## لەناو کەلەپووری ئیسلامیدا

قڕانی لە توێژینەوە و تێزەکانی پەیمانگا و
کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان



**د. هێمن عومەر خۆشناو**
لەدایکبووی ١٩٨٢، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
چەند بەرهەمی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی
چاپکردووە.
چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

ئەم کورتە نووسینە بەهای ئەو ئەندازە کوردی نووسینەی ناو مێژووی کەلەپووری ئیسلامی نادیدە ناگرێ، ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ نیشاندانی کەمتەرخەمی و کێماسی ئەکادیمییەکانی ئێستای بواری زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆکانی کوردستان، کە درێژکراوەی ئەو شەرمنی و کەمتەرخەمییەی بەشێک لە زاناکانی پێشوومانن لە هەمبەر زمانی کوردی و بە زانستیکردنەکەی، بۆیە پتر لایەنە نەرێنی و سیماو هێڵە گشتییەکانی ئەو کەمتەرخەمییە لە مێژووی نووسینی کوردی و کەلەپووری ئیسلامیدا دەخاتەروو.

لە نێو ئەو ململانێ ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییانەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا گەشبوونەتەوە، کە هەتا قووی زیاتری لێبکرێ، سیماکانی پێکەوەژیان تەڵختر دەبنەوە، یەکێک لە قوربانییەکانی ئەم ململانێیە زمانە، بەو پێیەی یەکێک لەو کۆڵەگانەی کە بوونی نەتەوەی لەسەر بنیادنراوە، زمانە، پاراستنی زمان و خزمەتکردنی، ڕێگا لەبەردەم داپۆشینی کەلتووری دیکە دەگرێت و ململانێیەکان سادەتر دەکاتەوە، بە ئەندازەی ئەوەی هەر نەتەوەیە بە زمان و ناسنامە کەلتووری خۆی، هەوڵی پێکەوەژیان و سەقامگیری زیاتر دەدات.

لە سۆنگەی نەبوونی قەوارە و دەوڵەتێکی کوردی، بە درێژایی چەند سەدە لەمەوبەر، کورد هەمیشە هەوڵی داوە زمانی خۆی بپارێزێت و هەمیشە لە کاریگەری زمان و کەلتووری نەتەوەکانی تر بەسەریەوە، خەباتی بۆ پاککردنەوەی زمانەکە کردووە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ زمانی تورکی و زمانی فارسی، زمانی کوردی بە ئەندازەیەکی زۆر خۆی لە هەژموون و شەپۆلی زمانانی دراوسێ خاوێن کردۆتەوە. ئەگەرچی لە دوای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە، زمانی عەرەبی وەکو زمانی زانست، تا رادەیەکی زۆر جێی بە زمانەکانی تری نەتەوە موسڵمانەکان لەقکرد، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی فارس و تورک دەسەڵاتیان هەبوو، بۆیە کەم تا زۆر زمانەکەیان بوو بە زمانی زانست و ماوەیەکی زۆر لە پاڵ عەرەبیدا ئەو دوو زمانە ڕەنگ و سیمایان دیار و بەرچاو بوو.

ناکرێت نکوڵی لەوە بکەین کە چەند سەدەیەک لەمەوبەر، لەناو بزاڤی زانست و زانیاری لە کوردستاندا بێباکییەکی زۆر هەبوو لە هەمبەر زمانی کوردی و بەشێک لە زانایانی کورد، ئەوەی لایان گرنگ نەبووە خەمی زمان بووە، بۆیە نووسین بە زمانی کوردی زۆر درەنگ پەیدابووە، ئەگەرچی ڕاڤە و لێکدانەوەی کتێبە زانستیەکان لەناو حوجرە و مەدرەسە ئاینییەکان هەر بە زمانی کوردی بووە، بەڵام زۆر زوو زاتی ئەوەیان نەکردووە بە کوردی بنووسن، تەنانەت وتاری هەینیش بە زمانی کوردی، مێژووەکەی لە سەد ساڵ پتر تێناپەڕێت، بە رادەیەک کار گەیشتبووە ئەوەی قسەی سووک و نابەجێ بە زمانی کوردی بگوترێ، ڕەنگە ئەمەش هێرشێکی دەمارگیرییانەی شۆڤێنیانە بووبێت و هەر لەناو خودی زانایانیشدا وتەیەک باوبوو، کە وا گوزارشتیان لە زمانەکان دەکرد، بەوەی هەر یەکە لە عەرەبی و فارسی و تورکی شەککەر و گەوهەر و هونەرن، کەچی زمانی کوردی شیاکە و پیسایی خەر (کەر)ە. کەسیش نەبوو بپرسێ: ئەرێ گەلۆ ئەمە بۆچی بۆتە بنێشتە خۆشەی ناو کۆڕی فەقێ و زانایان و ئاتەبا لەگەڵ ئایەتی (ومن اياته خلق السماوات الارض و اختلاف السنتكم والوانكم)٢٢/ الروم.؟!

زانایانی هاوچەرخی ئێمە زوو دەرکیان بەوە کرد، کە پێویستە کوردیش بە کوردی زانستی خۆی خزمەت بکات، ئەگەرنا لە کاروانەکە بەجێدەمێنێت، بەتایبەت دوای ئەوەی هەر نەتەوە و بووە خاوەنی قەوارە و دەوڵەتی خۆی و هێرش بۆ سەر زمانی

تر دەستپێکرا، ئەنجا هوشیاربوونەوە بەوەی کەم تا زۆر دەبێت هەوڵی گەڕانەوە بۆ زمانی دایک بدرێت. ئەوەتا (مەلای گەورەی کۆیی) باس لە دەمارگیریی هەندێ کەس دەکات بۆ زمانەکانی تر و بە سووک تەماشاکردنیان بە سەیر و عاجباتی دەزانێت، کاتێک دەڵێت (ئەو تەیرانەی بە جەماعەت ئەژین، ئیحتیاجیان بە تەفاهوم زۆرە، ئەوانەی بە مونفەریدی ئەژین، لەسەر زگ ئەخشن، بێ دەنگن، هۆشەکیان لێوە دێ، ئەویش بۆ تەخویفە، هەتا سەربەرزتر بن، لە قسە تێزیکترن، زوبان زانین زۆر خۆشە، بۆ مەلایان لازمە، ئێمە ئەگەرچی زمانی تەیر نازانین، لومەمان ناکرێ، ئەمما ئەبا زوبانی یەکدی بزانین، ناشکوری ئەبێ لەو نیعمەتە مەحرومین ئەویش سەبەبی مەعلومە. لە عولەمای دینەوەیە، حەتتا پێیان ئەگوتین: تورکی زوبانی جەهەننەمیانە)١.

لە سەردەمێکی دیکەش دا کە تورک فەرمانڕەوایەتی وڵاتانی ئیسلامی دەکرد، وایان لە خەڵک گەیاندبوو، کە زمانی تورکی لەنێو هەموو زمانەکاندا پیرۆزترینیانە (ئێستاش لە باکووری کوردستان و لە تورکیا ئەم ڕوانینە ڕەگ و ڕیشەی ماوە)، بۆیە وەک قسەی خۆش هەر لەسەر زاری خەڵک ماوەتەوە، بەوەی کە مەلایەکی تورک لەسەر مینبەر و لە ڕۆژی هەینی وتاری داوە و گوتویەتی زمانی ئەهلی بەهەشتیان تورکییە و هەر کەسێک تورکی نەزانێت ناچێتە بەهەشتەوە. کابرایەکیش دەست بە گریان دەکات، دواتر مەلایەکە لە گریانەکەی دەپرسێت، ئەویش دەڵێت: بۆ خۆم نەگریاوم، بەڵکو بۆ پێغەمبەر (د.خ) گریاوم، چونکە پێغەمبەر (د.خ) تورکی نەزانیوە، کەواتە ئەویش ناچێتە بەهەشت!

هەروەک لەو کاتەی دەسەڵاتی عەرەبە موسڵمانەکان لە تۆقەڵاندا بووە، بیری دەمارگیری خۆی خزاندۆتە ناو دەسەڵات و ناو زانستیش، بۆیە چەند فەرموودەیان هەڵبەستون بەوەی (عەرەبتان خۆشبوێ، چونکە پێغەمبەر عەرەبە و قورئان بە عەرەبی هاتووە و زمانی ئەهلی بەهەشتیانیش عەرەبە)٢. هەتا کار گەیشتۆتە سەر بیرە ناسیونالیستییەکە و بەناوی خۆشویستنی عەرەبییشەوە فەرموودەیان هەڵبەستووە گوایە (عەرەبتان خۆش بوێ چونکە مانەوەیان نوورە و نەمانیان تاریکییە بۆ ئیسلام)٣، کە هەموو ئەم بۆچوونانە کاریگەری نەرێنی کردە سەر پە زانستیبوونی زمانەکانی تر و لەو نێوەندەشدا ئاخێوەرانی کوردیش لە هەندێ ڕوودا پابەندبوون بەم بۆچونانە، پێیان نەنگی بووە خزمەتی زمانی خۆیان بکەن.

## قەدەغەکردنی بە کوردی نووسین زیاتر بۆ ڕاڤەی قورئان و زانستی شەرعی بووە

سێ سەدە لەمەوبەر زمانی کوردی لەناو میرنشینی ئەردەڵان و نووسراوەکانی شێوەزاری (گۆران)دا، زۆر بە هەرمێن بوو، بە تایبەتی لە بواری شیعر نووسیندا، بەڵام بەشێک لە زاناو مەلایانی کورد زاتی ئەوەیان نەکردووە بڕیاری کردنە کوردی قورئانی پیرۆز بدەن، تەنانەت هەندێکیان دژایەتیشیان کردووە. بۆ نموونە خانای قوبادی (١٧٠٤-١٧٧٨ز) کە چەندین بەرهەمی بە داستانە شیعر نووسیوە، کەچی (گۆیا هەندێ ئایەتی قورئانی بە کوردی لێکداوەتەوە، یا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەو مەلایانە خەڵکیان لێ هانداوە، ناچار مەڵبەندی خۆی بەجێهێشتووەو پەنای بۆ وڵاتی بابان بردووە، ئیتر هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە)٤. جا ئەم بارە بەردەوام بوو، تا لە سەدەی بیستەمدا، بە بوێرییەوە (مەلای گەورەی کۆیی) ئەم گومان و

**لە ناو بزاڤی زانست و زانیاری لە کوردستاندا بینباکییەکی زۆر هەبوو لە هەمبەر زمانی کوردی و بەشێك لە زانایانی کورد. ئەوەی لایان گرنگ نەبووە خەمی زمان بووە**

بەربەستانە لادەباو بە روونی لەبارەی وەرگێرانی قورئان بۆ زمانەکانی تر رای خۆی دەردەبڕێت و بە کردەییش دەست بە کردنە کوردی قورئانی پیرۆز دەکا بە شێوەی تەفسیرو دەڵێت: ((من بۆ تێگەیشتنی ئەجانیب، تەرجەمەی قورئان ئینکار ناکەم، بەڵکو زۆر بە فائیدەیە، لاکین ئەڵێن ئەمە قورئانە! وەکی تەورات و ئینجیل بە هەر لوغەتێ بێ کیتابی موقەدەسە، تەوراتە ئینجیلە. ئارەزووم ئەکرد جەمعێ لە عولەمای عەرەبی و زوبانزان و کاتیب وموحەریری غایەت بە قووەت بە جەزالەتی عیبارەتی وەکی (جەلال نوری) و (تەها حوسێن)، فیکری ئیباضە قورئانیان بە عیبارەتی جوان، خۆش ئەدا، سهل الفهم، تەرجەمەیان کردبا، زۆر بە فائیدە ئەبوو. ئێستا بڵێین: «دروستە، دروست نییە» تەرجەمە کرا بە لیسانی موختەلیفە. ئەوانی تەرجەمەیان کردیە وا دەرئەکەوێ زۆر لە ئەربابی قەلەم نەبوون. مەعلوم ئەجانیب تەدەخولاتی تیا ئەکەن، روحیان ئەمین نییە، تەرجەمەی بە تورکی کراوە، زۆر بێ تامە، لام خیانەتێکی تیایە ئەگەرچی وا ئەنوێنن بۆ ئاسانی تێگەیشتنی عەوام وامان تەرجەمە کردیە. قورئان تەرجەمە بکرێ، لەگەڵ موحافەزەی ئەصلی وەکی ئینگلیز کردویانە، صەفحەیە قورئانە، صەفحەیە تەرجەمەیە، جوانە))٥.

## شەرمنی لە کوردی نووسین بە درێژایی مێژووی کەلەپووری ئیسلامیی

ئێمە نکوڵی لە هەوڵ و کۆششی زانایانمان ناکەین، کە بە درێژایی چەندین سەدە مەلاو پێشەوایانی ئایین قەڵەمبەدەستی کوردی نووسین بوون، بەڵام هەندێکیان نەیانشاردۆتەوە کە رووبەڕووی گلەیی و توانجی خەڵکی تر بوون، بەوەی کە بە کوردی نووسیویانە، هەندێکیان زانای گەورە بوون و کۆڵیان نەداوە، بەڵام بە شەرمیشەوە زمانی کوردییان خستۆتە ناو بۆتەی چەند نووسینێکیان. بۆ نموونە (ئیبنولحاج) دووسەد ساڵ لەمەوبەر لە مەهدینامەکەیدا کە بە زمانی کوردییە، لە کۆتاییەکەیدا دەنووسێت:

نەزمم کرد لە قەولی سەحیح
بە لەفزیی کوردی و نافەسیح
بۆ مونصیفان (لا للشحیح)
بۆ ئیتتیفاقی عاممەتی٦

دەبینین زمانی کوردی، بە زمانێکی نافەسیح دادەنێت، کە ئەمە جۆرە پاساوێک بووە، بۆ ئەوەی لێی قەبوڵ بکەن و توانجی لێ نەگرن، چونکە خۆی دانی پێداناوە.

هەروەها دوای ئەم شاعیرەش، (نالی) راشکاوانە ئەم بە سووک سەیرکردنەی کەسانی تر لە هەمبەر زمان ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆ کردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**[٧]

ئەگەرچی دوای ئەمانە لە سەرەتای سەدەی بیستەم، هەر زانایانی کورد بوونە پێشەنگ لە بەکوردیکردنی ئەو بوارە زانستییانەی، کە پێشتر نامۆ بوون بە کوردی بکرێن. وەک مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان یەکەم زانای کوردە فەرمایشتی پێغەمبەر (د.خ)ی کە لە موسلیم و بوخاریدان کۆبکاتەوەو تەرجەمەی کردوون بۆ

کوردی، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس یەکەم کەسە لە ناوچەی سلێمانی وتاری ئایینی بە کوردی لەسەر مینبەر خوێندۆتەوە، یەکەم کەسە شەریعەتی ئیسلامی بە تێرو تەسەلی بە کوردی داناوە٨، وێرای تەفسیرەکەی و تەفسیری (مەلای گەورەی پێنجوێنی) کە پێشتر بە کوردی داینابوو، هەموو ئەمانە هەوڵی زۆر بوێرانەو جددی بوون بۆ بە زانستکردنی زمانی کوردی، تەنانەت مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لە کۆکردنەوەی فەتواکانی زانایانی کورد لە کتێبی (جواهر الفتاوی) دا، بەتایبەتی لە بابەتی (تەلاق)دا وتەکانی هەر بە کوردی نووسیوەتەوە، بۆ ئەوەی لە وەرگێراندا فەتواکە گۆڕانی بەسەردا نەیەت. هەروەها ئەگەر تەماشای بەشێک لە دەستخەتی زانایانمان بکەین لە بارەی پرسە گرنگەکانی شەرع، بەشێکیان پرسیارو وەلامەکەیان بە کوردی نووسیوەتەوە، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت کەسێک بێت و بە عەرەبی توێژینەوەیان لەسەر بکات، لە کاتێکدا خودی دەقەکە بە کوردییەو دەشێ دواتر بۆ زمانی تر وەربگێردرێن. بۆ وێنە ئەم دەستخەتەی خوارەوە زیاتر لە سەد ساڵە وا بە کوردی نووسراوەتەوە٩:

کەمتەرخەمیی و بێدەسەڵاتییەکە لە خودی زانایان بووە نەک لە زمانەکە

ئەم توانج و پلار تێگرتنەی زانایانی کورد لەو زانایانەی کە بە کوردییان نووسیوە، رۆڵێکی زۆر نەرێنی هەبووە لە گەشەکردنی زمانی کوردی و بەرەو بە زمانی زانست چوونی، تەنانەت زانایەکی وەک (ئیبنوئادەمی باڵەک) تەنیا پێشەکییەکەی بە کوردی بۆ کتێبی (مشکاة المنقول) نووسیوە، دراوەتە بەر توانج و پلاران، لە کاتێکدا ئەگەر ناوەڕۆکی کتێبەکە بە کوردی بنووسرایە، بە دڵنیایی لەبەر هەژموونی زانای ناوبراو بەسەر زانستی ئەوسادا و کەسێتییەکەی، زمانی کوردی دەبردە قۆناغێکی تر. هەر بۆیە کەسێکی وەک (مەلای گەورەی کۆیی) پێیوایە کەموکورییەکە لە زمانی کوردی نییە، بەڵکو زمانی کوردی بە زمانێکی زیندوو و ڕاقی دادەنێت و سوپاسی ئەوروپاییەکانیش دەکات ئەوانەی نرخ بۆ زمانی کوردی دادەنێن١٠ و کێماسییەکەش بۆ خودی زانایانمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ((ئەصنافی بەشەر زوبانیان موختەلیفە، زۆریان دەڵێن، بێ قەواعیدن، قسمەکیان راقین، شوکری بەعزی ئەوروپایی ئەکەین، لیسانی کوردیش بە لیسانی زیندووی راقی حیساب ئەکەن، واقیعەن بە قەواعیدە، لاکین مەوادی زۆری زایع بووە، ئەوەی لە دەست لادێیان مابێ مایە، ئی کەوتە ناو مەلایان فەوتا، هەتا



**بەشێك لە زانا و مەلایانی کورد زاتی ئەوەیان نەکردووە بڕیاری کردنەکوردی قورئانی پیرۆز بدەن، تەنانەت هەندێکیان دژایەتیشیان کردووە.**

ناشکوری نەبی گەلیکی ئیفادەو ئیستیفادەی پیوە نەهیشترایە، حەتتا کوللی قەومی زوبانیان شیوەی لیک جودایە، دوو ئینسان وەک یەک قسە ناکەن، ئیختیلافی لیسان و لەون، دەخلی ئەوزاعی ئەرزو ئاسمانی تیایە، ئەگەرچی قائیم بە بەدەنە، ئەمما بە ئافاقی حیسابە))١١. بۆیە بە درێژایی ئەم چەند سەدانە بە بۆچوونی مەلای گەورە، کورد کەسی داناو حەکیمی نەبووە، تا بایەخ بە زمان بدات و لە میانی نووسینی تەفسیرەکەیدا، کوردییەکەی وا بوویتە زمانی زانست کە باکی بە هیچ نەبێت و بێباکانە رستەکان بە کوردی دابرێژێ: ((ناشکوری نەبێ، چونکی کورد حەکیمیان نەبووە، لە زوبانی کوردی هەرچەند ئەکەم کەلیمەیە نادۆزمەوە، ئەو مەعنایە بگەینی، تەفسیری قورئانی وا پانو بەرین، بە زوبانی کوردی تەسکو کورت حق الانصاف زۆر گرانو زەحمەتە))١٢. بۆیە ئەم خەمی بوونە زمانی زانست، مەلای گەورەی وا لێکردووە کە بە قوولی بیری لێبکاتەوەو بکاتە ئەو راستییەی کە ((ناشکوری نەبێ زوبانی کوردی قەت نەبۆتە لیسانی عیلم تا تەوەسسوعی ببێ))١٣، فراوانییەکەش لە کاتی کارکردنی لە تەفسیرەکەیدا بۆ دەرکەوتووە، کەچی خۆی و زانایانی، پێ کەمتەرخەم و دەستەوەستان بووە.

## کەمتەرخەمی ئەکادیمییەکانی ئەمڕۆ لە هەمبەر زمانی کوردی

ئەگەر کەلەپووری ئیسلامی بە هەر هۆکارێک بێ کەمترین ڕێژەی نووسینی کوردی و زۆرترین زانای کوردی لەخۆگرتبێت، ئەوا بۆ ئەوسا ئەو زانایانە پاساوی خۆیان هەبووەو ناویشیان هەر درەوشاوەیە ئەگەر بە کەمترین رستەش خزمەتی زمانی خۆیان و زانستەکەیان کردبێت، لێ بۆ ئەو توێژەرانەی ئەمڕۆ لە بواری زانستە ئیسلامییەکانداو لە کۆلیجەکانی شەریعەت و زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆکانی کوردستاندا توێژینەوە دەنووسن، کەشەکە جودایەو هەڵوەستەی دیکەی لەسەر دەسەنگرێتەوە، بەوەی:

ئەگەر زانایانی کۆنمان لە وتارو وەعزیشدا کوردی رەوان و کوردیزانی باش نەبووبن، لەبەر ئەو کەشەی تێیدابوون، خۆ بەشی هەرە زۆری ئەکادیمییەکانی ئێستای بواری شەریعەت لە کوردستاندا، مامۆستای ئاینین و لە وتارو ئامۆژگاریاندا کوردی رەوانن و ئاخێوەری باشن، جار جاریش وتاری سەر گۆڤارو رۆژنامەو نامیلکەو کتێب بە کوردی دەنووسن، کەچی بۆ توێژینەوەکانیان تەنیا عەرەبی بەکاردێنن١٤.

ئێستا بەشی زۆری کایەکانی تری زانستی لە زانکۆکان، توێژینەوەکانیان بە کوردی دەنووسن، هەق بوو پسپۆرانی زانستە ئیسلامییەکان پێش ئەوان دەستپێشخەر بن لە بە کوردی نووسینی لێکۆڵینەوەکان.

ماتوول ئێستا هەوڵی زۆر هەن بۆ بەکوردیکردنی دەقە ئاینییەکان، ئەمە لەگێنترە بۆ لێکۆڵەران کە لە پاڵ کردنە کوردی دەقەکان، توێژینەوەکانیش بکرێنە کوردی.

وڵاتانی دراوسێ بە تورک و فارس، هیچ بە ئەنگی نازانن کە تەواوی توێژینەوەکانیان بە

زمانی خۆیانەو لەم ڕووەوە زمانیان بۆتە زمانی زانستی ئاینیش و زۆرترین بەرهەمی کەلەپووری ئیسلامیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی خۆیان و توێژینەوەکانیشیان بە شانازییەوە بە زمانی خۆیانە.

ئەو خۆبەکەمزانینەی ئاخێوەرانی کوردی لە هەمبەر زمانی عەرەبی، وایکردوە هەڵەی زانستی و ئەکادیمیش ڕووبدات، بەوەی:

أ/ جاری وا هەیە دەقەکە بە کوردی نووسراوە، بۆ نموونە تەفسیرێکی کوردییە، یان شەریعەتە بە کوردی نووسراوە، لێکۆڵەر تێزەکەی خۆی بە عەرەبی لەسەر دەقە کوردییەکە دەنووسێت، لە کاتێکدا هەڵسەنگێنەری تێزەکە ڕەنگە عەرەب بێت و هیچ لە دەقە ئەسڵیەکە نازانێت کە بە کوردییەو ناچاریشە دەبێت هەڵیسەنگێنێت١٥.

ب/ جاری وا هەیە، زانا کوردەکە خۆی دەقەکەی بە کوردی و عەرەبی نەنووسیوە، بەڵکو بە تورکی یان بە فارسی نووسیوە، جا کە عەرەبی نییە، چ حەوجێ نییە بە عەرەبی توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەڵکو لەپێشترە بە کوردی یان فارسی توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت١٦.

ج/ ئەگەر ئەو زانکۆیەی تێزەکەی پێشکەش دەکرێت لە دەرەوەی کوردستان بێت، تا ڕادەیەک ڕێتێدەچێت، بەڵام لەناو کوردستان و دوای دوو دەیە زیاتر لە هەوڵی بە کوردیکردنی میتۆدی زانکۆکان، چ حەوجێ نییە بە عەرەبی بنووسرێت١٧!

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا فارس و تورک زۆرترین هەڵمەتی وەرگێڕانیان دەستپێکردووە بۆ زانستە ئاینی و شەرعییەکان، تەنانەت بواری مەنتیق و کەلام کە کورد زۆرترین شاکاری نووسراوی هەیە، ئەوان خەریکە کتێبخانەکانیان پڕ بێ لە سەرچاوەی هەمەجۆر بە زمانی خۆیان، کەچی تا ئێستا لەناو ئێمەدا ئەو بوێرییە نابینرێ، تەنانەت هەندێ ئەکادیمی بە دروستی نازانن ئەم زانستانە بکرێنە کوردی، بۆیەشە ئەوەندە ڕشدن لەسەر نووسینی توێژینەوەکانیان بە زمانی عەرەبی.

مەرج نییە هەموو توێژینەوەکان بە کوردی بنووسرێن، چونکە دەشێت هەندێک توێژینەوە جەخت بکەنەوە سەر لایەنی زمانەوانی دەقە عەرەبییەکان، ئەوکاتە کەمتر ڕێتێدەچێ بە کوردی بنووسرێن، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بواری شەریعەت و مامەڵەو کێشەو دیاردە ئاینییەکانەوە هەیە، زۆر ئاساییەو زانستییە کە بە کوردی بنووسرێن و هەوڵەکانیش ئەوسا هیچیان لە هەوڵی ئەو زانایانەی دەرەوەی زانکۆ کەمتر نابێت، کە بە کوردی توێژینەوە لە کایەی ئاین دەکەن.

هەر لە کۆنەوە ئیجازەی زانستی بە زمانی عەرەبی نووسراوە، ئێستا دوای ئەم هەموو گۆڕانکارییانە ئیجازەی زانستی هەر بە عەرەبی دەنووسرێن و تەنانەت بڕوانامەو ئیجازەی جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز کە ئێستا لە کوردستان زۆر بە هەرمێنە، هەمووی بە عەرەبییەو کەس زات ناکات بە کوردی بنووسێت، وەک ئەوەی ئەگەر بە کوردی بێ ئیجازەکە دروست نەبێت!

ئەم هەوڵی زاتکردنی بە کوردی نووسینی توێژینەوە ئاینییەکان، دەرگایەکی دیکەیە بە ڕووی بەزانستیکردنی زمانی کوردی، بەتایبەتیش ئاوڕدانەوەیە لەو کەلەپوورە زۆرو زەبەندەی زانایانی کورد، کە سەردەمانێک دەرفەتی بە کوردی نووسینیان نەبوو، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەکادیمیەکانی ئێستا بۆشایی هەوڵی ئەوان پڕ بکەنەوەو ئەوەی داهاتووش ڕابێنن وەک نەتەوەکانی تری دراوسێمان بە زمانی خۆمان خزمەتی ئاینی خۆمان بکەین.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١ تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی حەوتەم، ل٦٩.

٢ إن الله اختار من آدم العرب، واختار من العرب مضر، ومن مضر قريشا، واختار من قريش بني هاشم، واختارني من هاشم، فأنا من خيار إلى خيار، فمن أحب العرب فبحبي أحبهم، ومن أبغض العرب فببغضي أبغضهم. - ك - عن ابن عمر١. الكتاب: كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، المؤلف: علاء الدين علي بن حسام الدين المتقي الهندي البرهان فوري (المتوفى: ٩٧٥هـ)، المحقق: بكري حياني - صفوة السقاالناشر: مؤسسة الرسالة، الطبعة: الطبعة الخامسة ١٤٠١هـ/١٩٨١م.

٣ أحِبُّوا العربَ وبقاءهم فإنَّ بقاءهم نورٌ فى الإسلام وإنّ فناءهم ظلمةٌ فى الإسلام (أبو الشيخ فى الثواب عن أبى هريرة) أخرجه أيضًا: أبو الشيخ فى طبقات المحدثين بأصبهان (٢٧٣/٤) . وأبو نعيم فى ذكر أخبار أصبهان (٢٤٠/٢) . قال العجلونى (٥٥/١): أخرجه أبو الشيخ بسند ضعيف. بروانة الكتاب: جمع الجوامع أو الجامع الكبير للسيوطي، المصدر: موقع ملتقى أهل الحديث.

٤. مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، بەرگی دووەم، ئاراس ٢٠٠٢، ل٣٧.

٥. تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی حەوتەم، ل٥٤.

٦. دەقنامە، محمد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، ئاراس ٢٠٠٨، ل٩٣.

٧. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، چاپی دووەم، سنە، ١٣٨٣، ل١٠٧.

٨. بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگای دەستخەتەکانیانەوە، محمد عەلی قەرەداغی، بەرگی هەشتەم، ئاراس ٢٠٠٨، ل٣٧٥.

٩. ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو (مەلا شەفیعی باڵەکی) وەرگیراوە.

١٠. بە داخەوە زانا عەرەبەکان کەمتر هانی غەیری عەرەبییان داوە، تەنانەت بەم دواییانەش دوای لەناوچوونی ڕژێمی بەعس، زانایەکی وەک (ئیبراهیم نیعمە) لە ئاهەنگێکی ئیجازەدانی چەند مەلایەکی کورد لە هەولێر، وتارێکی خوێندەوە و گلەیی ئەوەی کرد کەنیگەرانە چونکە زۆربەی زۆری تابلۆی شوێنە گشتییەکانی هەولێر بە عەرەبی نین و بە کوردین.

١١ تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی حەوتەم، ل١٩٢.

١٢ تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی سێ یەم، ل٨٢.

١٣. تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی حەوتەم، ل٩٣.

١٤. خوالێخۆشبوو د. محەمەد ئەحمەد گەزنەیی هەندێ توێژینەوەی بە زمانی کوردی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی زانکۆکان بڵاوکردۆتەوە، ئەو بروای تەواوی بەوە هەبوو کە زۆر ئاساییە بە کوردی توێژینەوەکانیان بنووسرێت و زانکۆش دەبێت قەبوڵی بکات.

١٥. تا ئێستا لەسەر تەفسیرە کوردییەکانی (مەلای گەورە، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، مەلا حوسێن شێخ سەعدی، مەلا عوسمان عەبدولعەزیز......) تێزی ماستەرو دکتۆرا بە زمانی عەرەبی نووسراون.

١٦. بۆ نموونە زۆربەی بەرهەمەکانی (بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی) لە بنەڕەتدا بە تورکی نووسراون، دواتر کراونەتە عەرەبی، نزیکەی دە لێکۆڵینەوەی ماستەر و دکتۆرا لە باشووری کوردستان پشتیان بە وەرگێرانە عەرەبییەکە بەستووە و بە عەرەبی نووسیویانە، لە کاتێکدا دەتوانرا بە کوردی بنووسن و پشت بە وەرگێرانە کوردییەکەش ببەستن.

١٧. دەشێت سەرەتا توێژینەوەکە بە کوردی بنووسرێت، دواتریش ئەگەر پێویست بێت بکرێتە عەرەبی، چونکە دونیای عەرەبی زۆر بە کەمی ئاگاداری تێزەکانی ماستەر و دکتۆرای زانستە ئیسلامییەکانن لە کوردستان.